## ڕاگەیاندنی کۆتایی یەکەمین کۆنفرانسی ڕێکخراوی مەڵبەندی سکاندیناڤی کۆمەڵە

یەکەمین کۆنفرانسی مەڵبەندی سکاندیناڤی کۆمەڵە دوای دوو ڕۆژ باس و لێکۆڵینەوە لە سەر کار و ئەرکەکانی، ڕۆژی یازدەی مانگی ئاپریل کۆتایی بە کاری خۆی هێنا. ئەم کۆنفرانسە بە بەشداری زۆربەیً هاورێیانی ئەندامی کۆمەڵە لە سوئێد، نۆرویژ، فینلاندو دانمارک پێک هات و هەر وەها ژمارەیەکیش لە دۆستانی کۆمەڵە لە وانە مەرزییەی فەریقی هونەرمەندی تێکۆشەر و ناسراوی وەک میوان بەشدار بوون.

سەرەتا هاوریً سیامەک مۆدەررسی ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆمەڵە بە وتارێک کۆنفرانسی کردەوە، هاوریً سیامەک پێی داگرت لە سەر حیزبییەت و هەر چی زیاتر ڕاگرتنی دیسیپلینی حیزبی هەر وەها چۆنیەتی بەرەو پێش بردنی رەوتی گۆڕان لە حیزبی ئیدیۆلۆژیک بەرەو حیزبی سیاسی.

باسی سەرەکی کۆنفرانس بریتی بوو لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە لە وڵاتانی سکاندیناڤی. پاشان کۆنفرانس دەسکەوتەکان و کەم و کوورییەکانی کاری ئەم ڕێکخراوانەی دایە بەر باس و دەستی لە سەر گرنگترین ئەرکەکانی دانا. بۆ ئەم مەبەستەش چەند بڕیارنامەی گرنگی بۆ کاروباری کۆمیتەی سکاندیناوی وکۆمیتەی وڵاتەکان و هەر وەها ئەندامانی کۆمەڵە پەسند کرد.

خاڵێکی گرنگی تری باسەکانی کۆنفڕانس پێداگرتن لە سەر دوور کەوتنەوەی هەرچی زیاتر لە ڕێکخراوی ئیدئۆلۆژیک بوو. لە سەر ئەم باسە بەشدارانی کۆنفرانس بە لێکدانەوەی گەرم و گوڕ تیشکیان خستە سەر شیکردنەوەی زیاتر و ڕاوەستان بەرانبەر بە پاشماوەکانی ڕەوشت و شێوازی ڕێکخراوی ئیدئۆلۆژیک، کۆنفڕانس پێی داگرتە سەر ئەوەی کە بە سەر ئەنجام گەیاندن و قەتعی کردنەوەی ئەم رەوتە بۆ درێژەدان بە جەماوەری کردنەوەی تەشکیلاتی کۆمەڵە و نزیک کردنەوەی رزگاریخوازان و روناکبیرانی کورد لەم ڕێکخراوەدا، گرنگی حەیاتی هەیە و ئەوە ڕێک لە درێژەی ساغ کردنەوەی کۆمەڵە دایە کە خەبات بۆ وەدی هێنانی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، شان بە شانی خەبات بۆ رزگاری نەتەوەیی گەلی کورد لە کۆمەڵگای کوردستان بەرەو پێش دەبا.

یەکێکی دیکە لە باسەکانی کۆنفرانس پێداگرتن لە سەر بەشداری ئەندامان و هەڵسوڕاوانی کۆمەڵە لە ڕێکخراوە جەماوەریەکانی کوردەکانی دانیشتوی سکاندیناڤی دا بوو. کۆنفڕانس هەر وەها پێی داگرتە سەر گرنگی هاوکاری لە گەڵ هێزە دێمۆکرات و ئازادیخوازەکانی

www.kurdistannet.org

سەر بە نەتەوەکانی دیکە و هەر وەها ڕێکخراوە چەپە سەراسەرییەکانی ئێرانی کە دان بە مافی گەلی کورد و ئازادیە دێمۆکراتییەکانی دیکە دادنێن.

لە کۆتایی دا کۆمیتەی تەشکیلاتی سکاندیناڤی کۆمەڵە هەڵبژێردرا کە بریتین لە هاوڕێیان: هێرش عەلیزادە، زاگرۆس خۆسرەوی، حسەین پەناهی، سەلاح ڕەحیمی و کەریم کەریمی.

**کۆمیتەی ڕێکخراوی مەڵبەندی سکاندیناڤی کۆمەڵە**

**شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

15-04-2004

www.kurdistannet.org